بەخێربێن بۆ دەستەی مۆسیقا (musikkorps)!

گشت دەستەکانی مۆسیقا خوازیاری ئەوەن کە ئەندامی نوێ لەخۆ بگرن و لەم ناملکەیەدا ئەتوانیت سەبارەت بە دەستەی مۆسیقا زانیاری بەدەست بهێنیت و بۆت دەرکەوێت کە دەستەی مۆسیقا ئەتوانێ بۆ خۆت، بۆ منالەکانت یا ناسیاوەکانی ترت وەک چالاکییەک بێت.



© VIDAR ALVIK

NMF
NORGES MUSIKKORPS FORBUND



KRISTINE MELLEFOSS

ژەنینی مۆسیقا لە دەستەی مۆسیقادا چالاکییەکە کە تۆ ئەتوانیت بە درێژایی تەمەنت لێی بەردەوام بیت. ئێوە لێرەدا هاوڕێی باش پەیدا ئەکەن کە هەموو هەفتەیەک ئەتوانن ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ راهێنان ببینن. ئێوە بە یەکەوە لهپهیوهندی لەگەڵ بەرێوەبردنی کۆنسێرت و بۆنە گەورەکانی تری مۆسیقا ڕاهێنان ئەکەن. ئێوە لە چوارچێوەی دەستەی مۆسیقادا ئەتوانن بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی باش لەو ناوچەی کە لێی ئەژین هاوکاری بکەن و هاوکاتیش فێربوون، زاڵ بوون، هاوڕێیەتی و گرێدراوبوون ئەزموون بکەن.

زیادتر لە ٦٠ ٠٠٠ نەفەر لە نەرویژدا لە یەکێک لە ١٦٠٠ دەستەی مۆسیقادا، راهێنان نەفەر و یا مۆسیقا ئەژەنن. دەستەی مۆسیقای گوونجاو بۆ گشت کەسێک کە بیهەوێت ببێتە ئەندام بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن، ڕەگەز و ئاستی توانایی دەست ئەکەوێت. دەستەی مۆسیقای قووتابخانە بۆ خوێندکارانی تەمەن ٧ تا ١٩ ساڵییەو دەستەی مۆسیقای گەورەسالانیش بۆ گەنجان و کەسانی گەورەسالە. دەستەی مۆسیقا ئەتوانێ ئامێری جۆراوجۆری مۆسیقایان هەبێت و هەندێک لەمانەش خاوەنی دەستەی راهێنەری تایبەت بە خۆیانن.

VIDAR ALVIK

VIDAR ALVIK







بۆ چی ببین بە ئەندامی دەستەی مۆسیقا؟

مۆسیقاو و فێربوون

تۆ لەناو دەستەی مۆسیقادا فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا ئەبیت و راهێنانی کۆژەنی لەگەڵ کەسانی تر ئەکەیت. ئەندامانی دەستە هەفتەی جارێك یا دوو جار بۆ ئەنجامدانی راهێنان لەگەڵ رێبەری ئۆرکێسترا یا کەسی رێنوێن یەکتر ئەبینن. ژەنیارانی دەستەی مۆسیقای قووتابخانە بێجگە لەمە لەلایەن مامۆستای تایبەتیش فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا ئەبن تا شارەزاییەکەی باشتریان بەسەر ئەم ئامێرەدا هەبێت. لە دەستەی مۆسیقادا گشت ئەندامان گرینگیان هەیەو ئەندامەکانی بە پێی ئاستی توانایی خۆیان ئەرکیان پێئەسپێررێت.



ژینگەیەکی هێمن و خۆشی کاتی ئازاد

منالّان، گەنجان و گەورەسالّان پێداویستیان بە ئەزموونی خۆش و چالاکی بەسوود لە کاتی ئازاددا هەیە. ئەندام بوون لە دەستەی مۆسیقادا ئەم سوودانە بۆ تۆ لە خۆ ئەگرێت:

- فێربوونی ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا یا راهێنانی کۆژەنی لەگەڵ کەسانی تر
- پەیداکردنی هاوڕێ بە تەمەنی جیاواز و رەگەزی جیاواز. ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو منالّ و گەورەسالّانەی کە لە ناوچەی ئێوە ئەژین.
- فێربوونی هاوکاری و لەبەرچاوگرتنی کەسانی تر
- بەشداریکردن کردن لە کۆنسێرتی دڵگیر، سێمینار لە رۆژەکانی پشووداندا و سەفەرەکانی دەستەی مۆسیقا

گشت ئەو گەورەسالّانەی کە لە گەڵ منالّان لە دەستەی مۆسیقادا کار ئەکەن ئەبێت بەڵگەنامەی پۆلیس تەحویل بدەن.

بۆ چی ببین بە ئەندامی دەستەی مۆسیقا؟

دەوری گەورەسالّان لە دەستەی مۆسیقادا

دەستەکانی مۆسیقا رێکخراوی دلّخوازین کە لە لایەن ئەندامان و دایکوباوکانیان بەڕێوە ئەبرێن. گشت دەستەیەکی مۆسیقا دەستەیەکی بەڕێوەبەری هەیە کە ئەرکی ڕێکخستنی چالاکیەکان و کۆکردنەوەی پارەی بۆ بەڕێوەبردنی دەستەی مۆسیقا لەسەرە. بێجگە لەمەش هەموو کەس ئەتوانێت لە رێگەی کاری کرداری جۆراوجۆر یارمەتی بدات. کارکردنی بە بەشێوەی دلّخواز کاری خۆبەشی (dugnad) پێئەوترێت و ئەمەش لەلایەن ئەو ژینگەیەی کەلێی ئەژیت بەچاوی ڕێزەوەسەیر ئەکرێت. ئەمەڕێگەیەکی باشەبۆ ئاشنابوون لەگەڵ دایکوباوکان و منالّانی تر کەگشتیان بۆ کۆمەڵگاو بەدیهێنانی ئەزموونی باش هەوڵ ئەدەن.


VIDAR ALVIK


VIDAR ALVIK


NORDBY SKOLEKORPS

ئامراز و ئامێرەکانی مۆسیقا

لە دەستەی مۆسیقادا ئەتوانیت ئامراز و ئامێری مۆسیقای پێداویست قەرز بکەیت. ئەندامان هەروەها ئەتوانن لە لایەن راهێنەر یا مامۆستای مۆسیقا یا رێبەری ئۆرکێسترا فێر بکرێن.

دەستەی مۆسیقا بۆ دانی مەسرەفی رێبەری ئۆرکێسترا، کەسی راهێنەر و ئامرازەکان، پێداویستی بە پارە هەیە. گشت ئەندامان جگە لە ئەنجامدانی کاری بەدڵخواز بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارە بۆ دستەی مۆسیقا هەروەها پارەی ئەندامەتیش ئەدەن. لە زۆرێک لە شارەوانیەکان بەرنامەی پاڵپشتیان بۆ دانی پارەی ئەندامەتی بۆ ئەو بنەماڵانە هەیە کە پێداویستیان بەم جۆرە یارمەتییە هەبێت.



I ♥ KORPS

ئایا تۆ یا منالّەکانت ئەتوانن بێنە ناو دەستەی مۆسیقا؟ لەگەڵ دەستەی مۆسیقای ناوچەی خۆتان، قووتابخانە یا یەکیەتی دەستەی مۆسیقای نەرویژی پەیوەندی بگرن. (Norges Musikkorps Forbund)

ئەم زانیارییە سەبارەت بە دەستەی مۆسیقای ناوچەی ژیانی تۆیە:

Fredrikstad Janitsjarskole

email: fredrikstadjanitsjarskole@outlook.com

www.facebook.com/fjskole

NMF | NORGES MUSIKKORPS FORBUND

یەکیەتی دەستەی مۆسیقای نەرویژی (NMF) یەکێک لە گەورەترین رێکخراوەکانی کاتەکانی نازادە لە نەرویژ. نەندامانی دەستەی مۆسیقا لە رێگەی یەکیەتی دەستەی مۆسیقای نەرویژی نەتوانن لە چالاکیەکان وەک خوولەکانی هاوینی و کێبەرکێی دەستەی مۆسیقادا بەشداری بکەن. یەکیەتی دەستەی مۆسیقای نەرویژی (NMF) تێئەکۆشێت کە دەستەکانی مۆسیقا باشترین ژیانی رۆژانەیان هەبێت.

مالّپەر: musikkorps.no
ئیمەیل: post@musikkorps.no